# وەرگێڕان و گرنگیدان بە مێژوو

ئەمجەد شاکەلی

لێرە و لەوێ و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا، زۆرجاران کاری وەرگێڕدراو، مەبەستم زێتر کاری وەرگێڕانە بۆ سەر زمانی کوردی، بەرچاوی خوێنەری کورد دەکەوێت. فرەجاریش وەرگێڕدراوەکان لە شێوەی کتێبدا بلاو دەبنەوە. ئەو بابەتانەی، کە وەردەگێڕدرێن ئیدی تیکەڵن لە شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوە، فاکت، دەقی ئەدەبی و جۆری دیکەش. جاروبارێکیش ڕەخنە لە سەر وەرگێڕان بلاو دەکرێتەوە. مەبەستیشم لەو وەرگێڕان و ڕەخنانەش هەر ئەوانەن، کە لە دەرێی کوردستان (هەندەران) بلاو دەبنەوە، چونکە بەڕاستی بەدەگمەن نووسین و بلاوکراوەی نێو کوردستانم بەرچاو دەکەون. لێرەدا باس لە وەرگێڕانێکی تایبەت ناکەم و مەرج و قانوون و شێوەی وەرگێڕانیش باس ناکەم، تەنێ گەرەکمە گرنگیی وەرگێڕان بخەمە بەرچاو و هەندێ گیروگرفتی وەرگێڕان پێشان بدەم.

ئێمە –کورد- ئەگەر دواکەوتوویی، نەخوێندوویی، نەبوونی قەوارە و دامودەسگە و کارگێڕیی خۆیی، نزمیی ئاستی فەرهەنگیی و زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵگە کوردییەکان، وەک ڕاستییەکی گومان لێ نەکراو و خاڵی دەستپێک لەبەرچاو بگرین، ئەوا یەکەم ڕاستییەک، کە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە، کە کورد هێشتا بە تەواوی وەک نەتەوەیەک یا گەلێک، مێژووی تەواوی خۆی ساغ نەکردووەتەوە و نایزانێت و کۆمەڵێک گرێکوێرەی تێدایە نەیکردوونەوە و هۆکاری زۆر ڕووداو نازانێت و زۆر بە هەڵە لە زۆر شت و زۆر کەسی خۆی تێگەیشتووە[1].

مێژوویش یەکێکە لەو کۆڵەکە و پایە گرنگانەی، کە سەرجەمی ناسنامە و فەرهەنگ و ڕابردوو و هەبوونی، هەموو نەتەوە و خەڵکێکی لە سەر وەستاوە. هاومێژوویی، هاوهەستیی و نێزیکایەتیی ڕۆحی ساز دەکات. کەسانێک کە بە یەک مێژووی هاوبەشەوە گرێ دراون، لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە و دەنۆڕنە ڕابردووی خۆیان.

زۆربەی ئەو شتانەی، کە لەمەڕ مێژووی کوردەوە، نەک هەر مێژوو، بەڵکە باری ژیانی کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، جوگرافیایی و هەموو شتێکی کوردەوە نووسراون، تا ئێستاش لە سەر لاپەڕەی کەونە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامان، کە بە زمانانی ئەوروپایی، عەرەبی، تورکی و فارسین، ماونەتەوە. کورد خۆی لەو بارەوە کارگەلێکی زۆر کەمی وەبەرهەم هێناوە. نموونەی ئەو کارانەش، "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بدلیسی (بتلیسی) و "تاریخ قدیم کوردستان"ی مەلا مەحموودی بایەزیدییە لە کۆندا و لەم سەدەیەشدا، "مێژووی کورد و کوردستان"ەکەی موحەممەد ئەمین زەکی و کارەکانی زانای گەورە مامۆستا موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی و دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دیارن. نیلسۆن ماندێلا دەڵێ:"پاشایان و ژەنەراڵان مێژوو دروست ناکەن، بەڵکە ئەوە گەلە، کە مێژوو دروست دەکات". شەرەفنامە، کە بە بایەخدارترین و هێژاترین نووسین دادەنرێت لەمەڕ مێژووی کورد، مێژووی سەرخێڵ، سەرهۆز، میر، سەردار و فەرمانڕەوایانی کوردە، واتە: مێژووی دەسەلاتدارانە، نەک خەڵکی کورد. بۆ ئێمەش مێژووی کۆمەڵگەکان، خەڵک، مرۆڤ و قوربانیانی کورد، لە دەستە بە خوێن سوورەکانی دەسەلاتداران گرنگترە. هەرچەندە مێژوو گەلەک بەربلاو و بەرین و فرەلایەنە، بەلام هەندێ جاریش جێی گاڵتە و شۆخی و لاقرتێیە. پێشم وانییە مێژوو بە پینەکردن و خۆهەڵکێشان ببێت بە مێژوو[2].

---

[1] تا ئێستاش بە تەواوی پێوەندی کورد لەگەڵ میدییەکان، ساغ نەبووەتەوە. ڕاستی و درۆی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک و مارەکانی سەر شانی، هێشتا جێی گومانن. جێژنی نەورۆز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە جۆرێک پیرۆز دەکرێت، کە زۆر لە پیرۆزکردنی فارسانەوە نێزیکترە –یا هەر ڕێک وەک ئەوەی ئەوانە- تا لە شێوەی پیرۆزکردنی لە باکوور و باشووری کوردستان. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان شێوەی ئایینی –زەردەشتی و...- سروشت بە سەریدا زاڵە و لەوێ نەورۆز جێژنی خەڵک و خێزان و مرۆڤ و سروشتە، کەچی لە باکوور و باشووری کوردستان، لە مەسەلەیەکی سیاسی زێتر هیچی دیکە نییە و نەورۆز لەوێ جێژنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانە، نەک هی خەڵک. ئەنفال و هەڵەبجە، کە مێژووی نوێن، ئێستاش بە تەواوی هەموو شتێک لە بارەیانەوە ئاشکرا نییە و نازانرێت.

[2] وەک نموونەیەک دەکرێ، هەوڵدان بۆ دانانی ساڵی کوردی، کە بە دوو شێوە دەیژمێرن، بهێنینەوە:

www.kurdistannet.org
31-7-2003 1:03

ئەو نووسیانەی، کە بیانییان یا کورد، بە زمانی دیکە نووسیویانن، باش بن یا خراپ، کورد بە پاڵەوان، قارەمان، شۆڕشگێڕ، چاوتێر و دەست و داوێنپاک، یا چەتە، دز، خوێڕی، شڕەخۆر و جاشی پیشان بدەن، ئەوانە مێژوو و زانیارین لە بارەی کوردەوە. وەک گەلێک یا نەتەوەیەک، کورد پێویستی بەوە هەیە، هەموو ئەو شتانەی لە بارەیەوە نووسراون، بزانێت و بخوێنێتەوە و ئەگەریش ئەو نووسینانە نەکرێنە کوردی، چۆن وەچەی نوێی کورد، پاشخان و ڕابردووی خۆی دەزانێت!.

لە نێو لاوان و خوێندووانی کورددا جۆرە بیرکردنەوە و بۆچوونێک هەیە، پێی وایە ئەوەی تا ئێستا کورد نووسیویەتی، یا لە بواری فەرهەنگیدا کردوویەتی و وەریگێڕاوە، لەمەڕ شیعر، سیاسەت، ئایین و مێژووەوە بووە و لایەنەکانی دیکە پشتگوێ خراون و گرنگییان پێ نەدراوە. من لەو بڕوایەدام، بۆ خەڵکێکی لە شارستانییەتی بەجێماوی نەخوێندووی فەرهەنگنزمی بێ هیچ بنگە و دەسگە و پایە و کۆڵەکەیەک و بێخاوەن و بێقەوارە و هەژار و چەوساوەی وەک کورد، وەرگێڕان کارێکی یەکجار پێویستە. جارێ پێش هەر شتێک کورد هێشتا لەو قۆناغەدایە، گەوەکانی مێژووی ناتەواون و پێکەوە گرێ نەدراون. بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەک یا گەلێک مێژوویەکی ڕێک و تۆکمە و دروستی خۆی هەبێت، دەبێ ئەو گەوانە -بە پێی توانست- بدۆزرێنەوە و لەگەڵ یەکدیدا جەلە (ڕیز) بکرێن تا جەلوو[3]ی مێژووی کوردەکەی لێ پێک دێت. کە باس لە سیاسەتیش زۆر کراوە و دەکرێت، شتێکی سەیر نییە، چونکە هەموو مرۆڤێکی کورد هەر لەو کاتەوە، چاوی دنیا دەبینێت و بڕێک لە ژیان تێدەگات، ئیدی خۆی لە سیاسەتدا دەبینێتەوە و دەوروبەری ژینگەیەکی سیاسییە و هەر زۆر پێویستیشە خۆی لە هەموو ورد و درشتێکی -چ سیاسەتی نێوخۆی کورد، یا سیاسەتی مەزنی جیهانی- سیاسەتیش هەڵقورتێنێت، هەرچەندیش ڕەوشی گەلی کورد، کۆمەڵگەکانی، ڕووداوەکان، بۆچوونە جیاوازەکان، کەسایەتییە مێژوویی و ناودارەکانی، یاخیبوون و ڕابوونەکان، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، حیزبەکان و سەرکەوتن و بەزین و خیانەت و کوردایەتی و جاشایەتییان و هەموو شتێک شیکرێنەوە و لێیان بکۆڵرێنەوە و بخرێنە بەر باس و دەمەتەقە و ڕەخنە و سڵیش لە هیچ نەکرێتەوە، هێندەی دی مەسەلەی کورد دەڕەسێت و وەپێش دەچێت. کەواتە کورد بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست، یا هیچ نەبێت جوێکردنەوەی چەوت و ڕاست لەیەکدی و دەستنیشانکردنی هەڵەکانی خۆی، پێویستییەکی یەکجار مەزنی بە زانینی مێژوو هەیە. موحەممەد حەسەنێن هەیکەل (محمد حسنين هيكل) دەڵێت:"گرنگییدان بە سیاسەت بە بیر یا بە کردار، یەکەم شت پێویستی بە خوێندنەوەی مێژووە، چونکە ئەوانەی نازانن پێش لەدایکبوونیان چی ڕوویداوە، بەوە حوکم دراون، بەدرێژایی تەمەنیان هەر بە منداڵی بمێننەوە". کە مرۆڤ دەنۆڕێتە کتێبخانەی ئێرانی (فارسی) ، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بگوترێ، کە 60-70%ی کتێبەکانی وەرگێڕانن لە زمانانی بیانییەوە. ئەگەر ئەوان شاکاری ئەدەبی جیهانی دەکەنە فارسی و هیگڵ و مارکس و ئەنگلز و سارتر و هۆگۆ و کامۆ و دەستۆیێڤسکی و کێ و کێ دەکەنە فارسی، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە ئەوان نەتەوەیەکی خوێندووی زیندوون و خاوەنی فەرهەنگێکی بەرزن. ئەوان

ئا. مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت، لەگەڵ ساڵی زایینیدا، کۆ دەکەنەوە، واتە: 1997+700 دەکاتە 2697ی کوردی. لە کاتێکدا بۆ هیچ کەس ساغ نەبووەتەوە، کە زەردەشت کەی زاوە؟ تەقو زانراش کەی زاوە، دەی زەردەشت چ پێوەندێکی بە کوردەوە هەیە؟ بۆ لە نێو کورددا دە(10) کەسی زەردەشتی نابینرێنەوە؟

ب. مێژووی گرتنی باژێڕی نەینەوا، لەگەڵ ساڵی زایینیدا کۆ دەکەنەوە، واتە: 1997+612 دەکاتە 2609ی کوردی. لە کاتێکدا پێوەندی کورد بە میدییەکانەوە تا ئێستاش جێی گومانە.

پ. شانازیکردن بە"ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین.."، کە لە سروودی ئەی ڕەقیب-کە پێم وایە سروودەکە بە تەواوی گەلەک ڕەگەزپەرستانە و ناحەزە و زۆریش دوروودرێژە، کە هەرگیز بۆ سروودی نیشتمانی و مارشی نەتەوەیی ناشێت-دا هەیە. ئەمانە هەموو دەشێ ببنە جێگەی پرسیار و ڕامان و مایەی گومان و هۆکاری پشکنین و توێژینەوەی نوێ و ڕاستکردنەوەی چەوتییەکان.

[3] قەتار، شەمەندەفەر، ترێن.

www.kurdistannet.org
31-7-2003 1:03

پێویستییان بەوە نەماوە، کە منە[4] ی گەوە ناتەواوەکانی مێژووی خۆیان بکەن. ئەوان تەواوی گەوەکانیان دۆزیوەتەوە –هەرچەندە هێشتا بەوەشەوە نەوەستاون و کۆڵیشیان نەداوە و شتگەلی نوێیش لەبارەی مێژووی خۆیانەوە بەردەوام دەدۆزنەوە- و هیچیان لێ بزر نەبووە و جەلووی مێژوویان بە ڕوونی دیار و خویایە. بریا کوردیش گەوە بزرەکانی مێژووی خۆی دیتبایەوە و هیچ نەبێت، نەک مێژوویەکی تۆکمە و تەواو، بەڵکە کۆلکە مێژوویەکی بۆ خۆی ساز کردبا، پاشان نەک هەر شیعر، ڕۆمان و چیرۆکی نووسیبا، بەڵکە لەبارەی نەک سێکس بە واتا ئاساییەکەی، بەڵکە لەمەڕ هاوسێکسبازیشەوەی نووسیبا. باسی ڕووەکایەتی و کەرناسیشی کردبا. ئەمەش وا ناگەیەنێت، کە ئیدی مرۆڤی کورد دەستبەرداری هەموو شتێک ببێت و هەر خەریکی مێژوو بێت و بەس، بەڵکە هەموو کارێکی وەرگێڕان و لە هەموو بوارێکدا وەک یەک پێویستە، بەڵام ئەگەر پێویستترین و پێویستتر وەبەر پێویست بخرێنەوە، ڕەنگە سوودی پتر بێت.

زۆرجاران لە بری ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی دانیشێت و مێشکی خۆی بگوشێت و خۆی تووشی سەرئێشە و گۆڕینی چاویلکە و نەخەوتن و نائارامی بکات، بۆ ئەوەی گوتارێکی لاوازی بێبایەخی هیچ نەگەیەن و هیچ نەگۆ، لەبارەی "ئەفلاتوون"، "ئەلغەزالی"، "مارکس"، "فۆکۆ" یا "شەریعەتی"یەوە بنووسێت، گەلێک چاکتر و بەکەڵکتر و سوودبەخشترە، هەولی ئەوە بدرێت، "کۆمار"، "إحیاءِ علوم الدین"، "سەرمایە"، "تاوان و سزا"، "فلسفتنا"، "إقتصادنا"، "دۆکتۆر ژیڤاگۆ"، "هەبوون و نەبوون"، "مێژووی سێکس" و "فلسفە و جامعە شناسی سیاسی"، بکرێنە کوردی، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد، خوێنەری کورد، پێشتر بزانێت ئەو بەڕێزانە چ دەڵێن و چییان گەرەکە، پاشان نووسینی نووسەرانی کورد لە بارەی بیر و فەلسەفە و دیتنی ئەوانە بخوێنێتەوە. زۆربەی لاوانی کوردی ئەم سی چل ساڵەی دواییە، لە ڕێگەی گوتارەکانی "زەکی خەیری" و "ماجید عەبدولڕەزا" و "بەهائەددین نووری" و "عامیر عەبدوڵلا" و "کیا نووری" و "ئیحسانی تەبەری (احسان طبری) " و "کتێبەکانی داروتتەقەدوم (دارالتقدم) "ی مۆسکۆ و "فەریکە مارکسی-لێنینییە نەتەوەییەکانی کوردستان" و هی دیکەوە، لەبارەی لێنینایەتی و ستالینایەتییەوە، کە بۆ خۆیان مارکسایەتییەکی بەڕەواژەکراو و هەڵگێڕدراو و لنگاوقووچکراون، مارکسایەتییان خوێندووەتەوە و لە چاوی، "خەیری" و "عەبدولڕەزا" و "نووری" و "عەبدوڵلا" و "تەبەری" و "داروتتەقەدوم" و "فەریکە مارکسییە نەتەوەییەکان"ەوە، شارەزای مارکسایەتی بوون و لێی تێگەیشتوون، مارکسایەتییەک، کە گەلێک لە مارکسایەتی مارکس و ئەنگلز جیاوازە و دوور. ئێستاش لاوی کورد تاکە یەک کتێبی "فۆکۆ"ی بە کوردی نەخوێندووەتەوە، کەچی دەیان نووسین لەبارەی "بونیاگەری" و "فۆکۆ"یەتییەوە، لە دەرکەی مێشکی خوێنەری کورد دەدەن، بێ ئەوەی ئەو خوێنەرە بنەما و ڕەگ و بناخەکانی بیری "فۆکۆ"ی لە زمانی "میشێل فۆکۆ" خۆیەوە و بە کوردی خوێندبێتەوە. گەلەک لەو قەبە و زلەگوتار و نووسینانەی، کە لە بواری بونیادگەری و فەلسەفە و بیر و ئەو جۆرە شتانەدا، بە کوردی دەنووسرێن و بە زلە و قورسەوشەی تێکسمڕاو و کەتە، سیخناخ کراون و بە ناوی "تازەگەری" و "نوێخوازی" و "پۆستمۆدێرنیزم" و شتی دیکەوە، وەک بیری نوێ، بۆچوونی نوێ و چەمکی نوێ، بە خوێنەری کورد دەفرۆشرێنەوە، زۆربەیان ڕێک و ڕەوان، وەرگێڕانی نووسینی خەڵکانێکی شارەزای ئەو بوارانەن و زۆرجاران لە عەرەبی، فارسی، سوێدی یا زمانێکی دیکەوە، بە بڕێک پاش و پێشخستنی وشە و ڕستەوە و دەستکارییەکی کەمەوە، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، بە بێ ئەوەی نێوی کابرای نووسەر یا سەرچاوەکە بنووسرێت، ئەگەر بۆ یەک جار نووسرابێت، ئەوا دەیان جار پشتگوێ خراوە. ئەمە بێجگە لەوەی لادانە لە دەستپاکی و یاساکانی وەرگێڕان، خۆبەزانازانین و نزمتەماشاکردنی خوێنەری کوردیشە[5].

---

[4] منەکردن: بەدوواداگەڕان، بەشوێنداگەڕان، بۆگەڕان، لێگەڕان.

[5] حەمە، ئازاد، ووتاری سترۆکتۆرالیزمی، بەشی یەکەم، یەکگرتن، ژمارە 9، هاوینی 1989، ل65-82. بەشی دووەمی ئەم وتارە لە ژمارەیەکی پاشتری یەکگرتندا بلاو کراوەتەوە. زۆربەی ئەم نووسینە لە "إبراهیم، الدکتور زکریا، مشکلة البنیة أو أضواءٍ علی البنیویة، دار مصر للطباعة، 1976" وەرگیراوە، کەچی لە یەک دوو شوێندا ئاماژە بەو سەرچاوەیە کراوە. لە لاپەڕە 73ی نووسینەکەیدا، ئازاد حەمە دەڵێ:"لە ساڵی 1928دا

www.kurdistannet.org
31-7-2003 1:03

بێگومان زۆرجاران نووسینی گوتارێک له وەرگێڕانێک گەلێک هاسانترە. جارێ وەرگێڕانی زلەنووسینی کەڵەپیاوی، وەک مارکس و سارتر، بۆ زمانێکی هەژاری وەک زمانی کوردی، بە دەردی ئێرانییان گوتەنی"کاری حەزرەتی فیلە". وەرگێڕان پێش هەر شتێک پێویستی بە فەرهەنگ (قاموس) ی باشە، ئیدی فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردی، فرانسی-کوردی، ئەڵمانی-کوردی، ڕووسی-کوردی، ئیسپانیۆلی-کوردی، فارسی-کوردی، عەرەبی-کوردی، تورکی-کوردی، هیندی-کوردی و هەموو زمانێک و کوردی و کوردی و هەموو زمانێکی دیکە. پاشان فەرهەنگی فەلسەفەیی، سیاسی، ئابووری، ئایینی، جڤاکی، سروشتی، سێکسی، تەکنیکی، کشتوکاڵی، سەربازی و دەیانی دیکە بە کوردی/کوردی و کوردی/ئەو زمانانە پێویستە. کورد هەر هیچی لەم بابەتە شتانە نییە. ئەوانەی ئەو جۆرە کارانەیان پێ ئەنجام دەدرێت و دەبوو بە ئەرکی خۆیانی بزانن و دەتوانن نەک فەرهەنگ بەڵکە فەرهەنگانیش چێ بکەن، نایکەن و لە بری ئەو کارە گرنگە، کارگەلێکی دیکە ئەنجام دەدەن، وەک دەستە و تاقمبازی و سیاسەتبازی و پارتایەتی و شتگەلی لەو جۆرە، کە بە جێگر و بریکار و یاریدەری نووسەر و خەڵکی زۆر خوارەوەی پلیکانەی فەرهەنگییش دەکرێن. ئەوەی پێی دەڵێن فەرهەنگ (قاموس) ، لە کن کورد گەلێک لە پەنجەکانی دەست کەمترن و هەر چۆن کراون، ئیدی لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە، نە گۆڕانێک، نە زیادکردنێک، نە چاپێکی نوێ و نە هیچ، وەک ئەوەی زمانی کوردی، لەو ئاستەدا ڕاوەستابێت و بە موویش جووڵەی نەکردبێت[6].

ئەو سێ چوار ساڵەی 1970-1974، کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، برێک لەو کارانەی ئەنجام دا، بەڵام ئیدی پایدۆسی لێ کرا. لە 1991ەوە تا ئێستا، حیزبە کوردییە نەتەوەییەکان، فەرمانڕەوای بەشێکی خوارووی کوردستانن، لە پاڵ ئەو هەموو دزی و شڕەخۆری و کوشتن و تالانی و برسیکردنی خەڵک و وێرانکارییەی، کە بە مرۆڤی خەڵکی کوردستانیان پێشکەشکردووە، دەبوو –ئەگەر هەر ڕێزەیەک بەتەنگ فەرهەنگ و مێژوو و زمان و زانست و پێشکەوتنی کوردەوە هاتبان- هەر وەک پروپاگەندە و بۆ پێویستی کاروباری خۆیشیان بووایە، ناڵێم کۆڕ و ئەکادیمیا و فەرهەنگستان، بەڵام کۆڕۆکەیەک، ئەکادیمیلکەیەک یا فەرهەنگستانۆکەیەکیان چێ کردبا و هەر هیچ نەبووایە هەوڵی ئەنجامدانی فەرهەنگێکی باش و فراوانی عەرەبی-کوردی، فارسی-کوردی، تورکی-کوردی و کوردی-کوردی و کوردی و ئەو زمانانەیان دابا و بنکەیەکی وەرگێڕانیان ساز کردبا و دەیان شاکاری تورکی و فارسی و عەرەبییان بکردبایەتە کوردی و کوردییان بکردبایەتە ئەو زمانانە. وەها کارێک گەلێک لەو پارانەی، بۆ گەشت و سەفەر و ژن لە دووی ژن هێنانی سەرکردە و بەرپرسیاران و کوشتنی مرۆڤ و ژینگە و جەژن و ئاهەنگگێڕان و دامەزراندنی زیندان و پەروەردەکردنی سیخوڕ و مرۆڤکوژ و خواردنەوە و بەدمەستی و بەرزگ تێرکردن و خانوو و ئۆتۆمبیلی کاربەدەستانی حیزبی سەرف دەکرێن، کەمتر تێ دەچێت.

ڕەوشەکە لە کوردستان بەو شێوەیەیە، بەڵام وەنەبێ لە دەرێی کوردستان، زۆر لەوە باشتر بێت. لە دەرێی کوردستان، کاری جیددی و لەبەرچاو و مەزن لە بواری وەرگێڕاندا نەکراوە. لە ئەوروپا، ئەمەریکا، ئەوسترالیا، ڕووسیا، وڵاتانی عەرەب، ئێران و تورکیا، کوردێکی ئاوارەی یەکجار زۆر دەژین و زۆربەیشیان زمانانی ئەو وڵاتانەی، لێی دەژین، فێر بوونە و دەزانن. لە نێو ئەو کوردانەشدا خەڵکانێکی زۆر هەن، خۆ بە کاری فەرهەنگی و ئەو بابەتانەوە خەریک دەکەن، بەڵام وەرگێڕان شوێنێکی زۆر کەم و گچکەی لە ڕووبەری چالاکیی فەرهەنگیدا گرتووەتەوە. لە دەرێی وڵات –لە کوردستانیش هەر وایە- پەتای دەرکردنی گۆڤار، ڕۆژنامە، حەفتەنامە، مانگنامە،

---

کۆنگرەیەکیان لە بلاهای-هۆڵەندا بە ناوی(زانستی زمانەوانەوە) ڕێک خست". ئەم بڕگەیەکی لە لاپەڕە 43ی ئەو کتێبەی "دۆکتۆر زەکەرییا ئیبراهیم"ەوە وەرگرتووە، تەنانەت لە بری "لاهای" - کە هەموو کەس دەزانێت نێوی باژێڕێکە لە هۆڵاند- نووسیویەتی "بلاهای" و تیپی "ب"ی پێش وشەی "لاهای"ەکەشی، کە لە عەرەبیدا "حرف الجر" و لە زمانە ئەوروپاییەکانیشدا "preposition"ی پێ دەڵێن، بە وشەی "لاهای"ەوە نووساندووە. لە عەرەبییەکەدا وەها نووسراوە "المؤتمرالدولي لعلوم اللسان الذي انعقد بلاهاي بهولندە..". ئەمە نموونەیەکی گچکەی گواستنەوە و وەرگێڕانە –زۆرجاران بە پێشگر و پاشگری زمانانی دیکەشەوە- بۆ کوردی.

[6] فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردی، تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز، فەرهەنگی کوردی-کوردی، شێخ موحەممەدی خاڵ و هەنبانەبۆرینەی هەژاری موکریانی، چەند نموونەیەکی ئەو کارانەن.

www.kurdistannet.org
31-7-2003 1:03

وەرزنامە و هیننامە هەیە. هەر نووسەرەو دەیەوێت گۆڤار و ڕۆژنامەی خۆی هەبێت. هەر نووسەرەو بۆ ئەوەی گوتارێکی خۆی بڵاو بکاتەوە، کە ڕەنگە نووسەرەکەی دی، کە خاوەن گۆڤارە، لەبەر جیاوازی بیروباوەڕ یا بە هۆی ناکۆکی و ناتەباییەک، کە لە نێوانیاندا هەیە، بۆی بڵاو نەکاتەوە، ناچار دەبێ بۆ خۆی گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەک دەرکات و ئیدی نووسینی خۆی بە ئازادی بڵاو بکاتەوە. جاری وایش هەیە ئەو نووسەرە، دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی بۆ نارەخسێت، ئەوجا ناچار دەبێ گوتارەکەی یا نووسینەکەی لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاو بکاتەوە. زۆرجاران ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانەی دەرێی وڵات، بە هۆی باری ئابووری و سەختیی کار و هەلومەرجی ژیانەوە، کەمتەمەن دەبن و زوو ڕادەوەستن. خۆ دەوڵەمەند و پارەدار و سەرمایەداری پیسکە و چاوچنۆکی کوردیش –کە کەم نین- هەرگیز ئامادەی بەخێوکردنی گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەک نین و پارەی خۆیان بۆ ئەو جۆرە کارە فەرهەنگییانە خەرج ناکەن، دەنا هەر ئەو پارەدارە کوردانە و ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییانە، پێیان دەکرێت چەندین مەڵبەند و نێوەند و بنکەی وەرگێڕان، لە وڵاتانی جیاواز و بۆ زمانانی جیاواز ساز بکەن و وەک پرۆژەیەکی بازرگانی و پارەپەیداکردنیش بیبەن بەڕێوە. دیارە دەکرێ –بۆ نموونە- سوود لە ئەزموونی عەرەب و فارس، وەربگیرێت، کە سەدان بنکە و نێوەندی لەو جۆرەیان هەن.

کە وەرگێڕان هێندە گرنگیی پێ نادرێت، زۆرجاران بە هۆی ئەوەوەیە، کە هەندێ نووسەر و ئەوانەی سەرقاڵی کاری فەرهەنگیین، بە پلەیەکی نزمتری لە نووسینی خۆیانی دادەنێن. واتە: پێیان وایە، ئەگەر خەریکی وەرگێڕان بن، پێی کەم دەبنەوە و "پایە و ئاستی ئەدەبی"یان دادەبەزێت و خەڵک بە چاوێکی نەویتر، تێیان دەنوارێت، یا خەڵک بە گوێرەی تیۆرییە هەڵەکەی "هەموو ڕێژیسۆرێک، ئەکتەرێکی سەرنەکەوتووە و هەموو ئاوازدانەرێک، سترانبێژێکی سەرنەکەوتووە و هەموو وەرگێرێک، نووسەرێکی سەرنەکەوتووە"پێیان وایە، ئەوەی خەریکی وەرگێڕان بێت، بۆ خۆی توانستی نووسین و دەربڕینی نییە. تاکە نموونەیەکی پرشنگدار، ئەویش زانای هێژا مامۆستا "شوکور مستەفا" یە، ئەو بۆچوونە سەقەتانە پووچ دەکاتەوە. پێم وایە تەواوی خوێنەرانی کورد، دەبێ سەری ڕێز بۆ مامۆستای هێژا شوکور مستەفا دانەوێنن، بۆ شاکارەوەرگێڕانەکانی، کە یەکجار وەستایانە، بلیمەتانە و زانایانە، کردوونی بە کوردی و چ کوردییەکیش، مەگەر هەر لەو هێژایە بوەشێتەوە و لە زاری وی بێتە دەر و لەو بڕوایەشدام –من بۆ خۆم تورکی نازانم- لە تورکییەکەی "یەشار کەمال"یشی تێپەڕاندبێت.

دیاردەیەکی زەق و لەبەرچاو و تا ڕادەیەک دزێو، کە لە بواری وەرگێڕانی کوردیدا وەدی دەکرێت، وەرگێڕانە لە کوردییەوە بۆ کوردی، واتە: لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، هەرچەندە ناکرێ ناوی وەرگێڕانی لێ بنرێت، چونکە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبێت، نەک لە دیالێکتێکەوە بۆ دیالێکتێکی دیکەی هەمان زمان. کرمانجی ژووروو، دەکرێت بە کرمانجی خواروو (سۆرانی) و کرمانجی خواروو دەکرێت بە کرمانجی ژووروو و هەورامی دەکرێتە سۆرانی و کرمانجی ژووروو دەکرێت بە زازایی. کارەکە لێرەدا ڕێک وەک ئەوە وایە، کە عەرەبی، فارسی، تورکی، فرانسی یا پورتوگالی بکرێن بە کوردی[7]. ئەگەر دووربینانە بنۆڕینە ئەم کارە و "بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد" لەبەرچاو بگرین، ئەوا نەک هەر بە قازانجی زمانی کوردی و یەکیەتی نەتەوەیی کورد کۆتایی نایەت، بەڵکە ئەنجامێکی یەکجار خراپیشی دەبێت و بە زیان تەواو دەبێت. گۆڕینی تیپ، واتە: لە ئەلفبێی لاتینییەوە بۆ ئەلفبێی عەرەبی یا لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ ئەلفبێی لاتینی یا لە ئەلفبێی کریلیکەوە بۆ ئەلفبێی عەرەبی و لاتینی و بە پێچەوانەیشەوە، بێ گۆڕین و دەستکاری دیالێکتەکە، کارێکی باشە و گەلێکیش

---

[7] "هەژاری موکریانی"، "مەم و زین"ی "خانی" کردووە بە موکریانی. کتێبی "کۆماری دیموکراتی کوردستان(مەهاباد)"ی "کەریمی حیسامی"، لە لایەن "ئەلیشێر"ەوە وەرگێڕدراوەتە کرمانجی ژووروو و وەشانێن "ژینانوو" لە ساڵی 1986دا، لە ئوپسالا(سوێد) چاپی کردووە. چیرۆکی "پێشمەرگە"ی "ڕەحیمی قازی"، کراوە بە کرمانجی ژووروو. "مەهاباد کوردی" زۆرجاران نووسینی کرمانجی ژووروو دەکاتە سۆرانی. ئەمانە چەند نموونەیەکی زۆر کەمن و دەیان شتی لەو جۆرە کراون و دەکرێن و گەلەک لە برەویشدان.

www.kurdistannet.org
31-7-2003 1:03

**خزمەت بە زمانی کوردی دەکات. مامۆستای گەورەمان شوکور مستەفا، زۆر بە جوانی و لێزانانە، ئەم کارەی ئەنجام داوە.**

**جاری وا هەیە خەڵک کۆنیی و نوێیی بابەتە وەرگێڕدراوەکە دەکەنە پێوەر، بۆ دادوەری لە بارەی باشی و خراپی بابەتەکەوە و پێیان وایە، ئەوەی کۆنە، نابێ وەربگێڕدرێت و دەبێ پشتگوێ بخرێت[8]. ڕەنگە بیستنی لەو جۆرە قسانە لە خەڵکێکی لاو و دنیانەدیو و کەمئەزموون، شتێکی سەیر نەبێت، وەلێ کەسانێک، کە بڕێک تەمەنیان هەبێت و دنیاشیان دیتبێت و خۆ بە ئەهلی قەڵەم و کتێبان بزانن، ئەمەیان سەیرە!. وەها خەڵکانێک لە بەرکەپووی خۆیان ئەولاتر نابینن. ئەوان تەنێ هەنووکە دەبینن و ئەورۆ لە دوێنێ دادەبچڕن. ئەوە لەبیر دەکەن، کە پێرێ درێژەپێدانی بەسرپێرێیە و دوێنێ درێژەپێدانی پێرێیە و ئەمڕۆ درێژەپێدانی دوێنێیە و سۆزیی[9] درێژەپێدانی ئەمڕۆیە. ئەگەر مرۆڤ شارەزای کۆن و ڕابردوو نەبێت، چۆن دەتوانێت لە هەنووکە تێبگات! خۆ ئەوەی، کە ئێستا پێی دەڵێن ئێستا و هەنووکە، سۆزیی و ڕۆژگارێکی دیکە دەبێتە دیرۆک و ڕابردوو. ئێمە درێژەپێدانی ڕابردووی خۆمانین و ڕابردووشمان تەنێ لەبەر ئەوەی پێوەی بەندین و بەسەرچووە و جوانە و سۆزمان بۆی هەیە و بەزەییمان پێیدا دێتەوە، لا پیرۆز نییە. فازیل ئەلعەززاوی** (فاضل العزاوي) **دەڵێت:"ئێمە لە ناوکمانەوە، بە هەموو ساتێکی ڕابردووەوە گرێدراوین، بەڵام ڕابردوو ساڵۆنێک یا چاپخانەیەک نییە بۆ کاتبەسەربردن. تاکە ڕێزێک کە دەشێ بۆ ڕابردوومان هەبێت ئەوەیە، فرێی دەینە کوورەی ئێستاوە، بۆ تاقیکردنەوەی توانستی لە سەر ژیان و بۆ ئەوەی ببێتە پارچەیەک لە ناسنامەی نوێمان"[10]. ئەز بەش بە حاڵی خۆم لەو بڕوایەدام، زۆربەی شتەکان بۆ کورد نوێن و هەموو شتێکیش بۆ کورد پێویستە، تەنانەت ئەگەر باسەکە لەمەڕ، پەلکەپیاز و قالۆنچە و کنگرهەڵکەندن و کەری دێزەشەوە بێت. زۆرجاران مێژوو بە هەڵە وەردەگیرێت و بە خراپی بەکار دەبرێت و بە مەبەستی چەواشەکردن فێر دەکرێت و دەگوترێتەوە و بە پێی سوود و بەرژەوەندی تایبەت لێکدەدرێتەوە و شیدەکرێتەوە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت، کە مێژوونووسان هەموو زانیارییەکانیان لنگاوقووچ کردبێتەوە و وایان گوتبێت یا نووسیبێت[11].**

**مێژوو بە ئارەزووی دەسەڵاتدار دەگۆڕدرێت و دەستکاری دەکرێت و لێکدەدرێتەوە و زۆربەی جار بۆ سوود و قازانجی دەسەڵاتدار و دەسەڵات دەنووسرێت. هەندێ جاریش ناوی کەسانێک لادەبرێن و دەسڕدرێنەوە و بە خوێڕی و ترسنۆک و خائین دەدرێنە قەڵەم و نێوی خەڵکانێک لەجێی وان دادەنرێن و شوێنیان دەگرنەوە و وەک قارەمان و نەترس و بوێر، باس دەکرێن و شتگەلێک لە بارەیانەوە دەگوترێن، کە هەرگیز نە کردوویانە و نە**

---

[8] **ساڵی** 1988 **کتێبۆکەیەکی سوێدیم بە نێوی"کورد گەلێکی بێ وڵات"، وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لە** 1994**دا، چاپ بوو. یەکێک لەوانەی،کە دیتبوویان گوتبووی ئەمە کۆنە، کەی ئێستا باوی وەرگێڕانی شتی وایە!**

[9] **سبەینێ، بەیانی.**

[10] العزاوي، فاضل، بعيدا داخل الغابة، **دارالمدى** للثقافة والنشر، 1994، ص63.

[11] **ساڵی** 1988 **و** 1989 **لە یەکێک لە خوێندنگە ئامادەییەکانی ستۆکهۆڵم، دەرسی زمانی کوردیم دەگوتەوە. پۆلێکم هەبوو، بریتی بوو لە شەش حەفت خوێندکار، کە لە ساڵانی کۆتایی ئامادەییدا بوون، واتە: پۆلی یازدەیەم و دوازدەیەم و ئەوانە بوون. لە دەقێکدا کە ڕۆژێک لەبەر دەستماندا بوو و دەمانخوێند، باسی "شۆڕشی ئەیلوول" هاتە گۆڕێ. لێم پرسین، کە ئایا دەزانن "شۆڕشی ئەیلوول" چییە! گوتیان: ئەم شۆڕشەیە کە ئێستا لە کوردستان هەیە و لە دوای "ئاشبەتاڵ"ی "مەلا مستەفا" دەستی پێ کردووە. بێگومان ئەوە تەنێ قسەی خۆیان نەبوو و ئەو لاوە حەڤدە هەژدە ساڵانانە، ئەوە شێوەی بیرکردنەوە و پەروەردە و بۆچوونی ماڵەوەیان بوو و وەها فێر کرابوون، کە ئەوەی تا پێش ئەو مێژووەی** 1975 **– هەرەس-کراوە بە هیچی دانەنێن و هێڵی چەپ و ڕاستی بەسەردا بهێنن. واتە: مێژوویان بە هەڵە فێر کرابوو و سەریان لێ شێوێنرابوو.**
**یەکێک لەو "زۆر ڕۆشنبیر"انەی، کە کاتی خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆڕی مورید و شاگردانی سیاسەتچییەکی کورد و زۆریش جێ هیوای مورشیدەکەی بووە، لە دانیشتنێکدا جارێکیان فەرمووبووی، کە مێژووی کورد لە** 1976**ەوە دەست پێ دەکات! بێگومان ئەمەش تەنێ لەبەر ئەوەی، کە ئەو دەستەیەی ئەو "زۆر ڕۆشنبیرە" دەروێشیان بوو، لەو کاتەوە کەوتبوونە چیا و دژی حوکوومەتی عیراق جەنگابوون. خۆ مێژووی ساڵانی پێش ئەو ساڵەشیان لە کەس شاراوە نییە. ئایا لەکن چ خەڵک و گەل و نەتەوە و کۆمەڵێکی ئەم جیهانە، تەسبینی و کەمئاوەزی و هۆشکولی دەگاتە ئەم ڕادەیە!**

ئەنجامیان داوە و نە ئاگاشیان لێ بووە. هیتلەر، ستالین، فرانکۆ، پینۆشێ و سەددام حوسەین، کە لەکن مرۆڤایەتی چارەگەلێکی دزیون و قڕانیان خستووەتە نێو خەڵک، لای نازیست، ستالینیست، فاشیست، بەعسی و ڕاستڕەوان، ڕزگارکەری مرۆڤایەتی و پەیامبەرن. وەک دەشگوترێ "سەرکەوتووان مێژوو دەنووسن". فازیل ئەلعەززاوی گوتەنیش:"خوێن بە تەنێ تا ئێستا مێژووی دروست کردووە. ئەگەریش خەون بە مێژوویەکی دیکەوە دەبینین ئەوە ئەو مێژووەیە، کە لە ئازادیدا دەست پێ دەکات"[12].

لەم بارەیەوە، لەبارەی گرنگیی زانینی مێژوو و خۆناسینەوە، گێڕانەوەیەکی بیریاری مەزن، دۆکتۆر عەلی شەریعەتی، وەبیر دەهێنمەوە، کە زۆر جوان مەبەستی ئەنگاوتووە و نموونەیەکیشی هێناوەتەوە، کە کتومت لەو نموونانەی سەرەوە دەچێت و ڕێک واقیعی ئاستی فەرهەنگیی زۆربەی "مەکتەبلی"یانی ڕۆژهەلات و ئێمەی کوردیش بە تایبەت دەپێکێت. لەبەر بەها و گرنگیی گێڕانەوەکە، وام بە باش زانی، بێ کەم و زیاد بیکەم بە کوردی. شەریعەتی دەڵێت:"کە لە سویسراوە بۆ ئێران دەگەڕامەوە، هاوڕێیەکەم خویندکارێکی زانستگە بوو. تورک بوو و خەڵکی ئیزمیر بوو. ئەندازیاری کشتوکاڵ بوو و لە سویسرا خوێندبووی. چ هاوڕێیەک لەمە باشتر دەبێت؟ لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم هاوڕێیە زۆربەی خاڵە نادیار و گرێ ناڕوون و شاراوە و تەماوی و وردەکانم لەمەڕ "هونەری پێکهاتنی کۆمەڵگەی تورکی"یەوە، لەڕووی ئایینی و فەرهەنگی و سیاسی و جڤاکییەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە و هەر بە نووکی پەنجەکانی ئەو کارەش دەکات. ئەو لاوێکی خوێندووی دنیادیدە بوو و فرانسییش بە چاکی دەپەیڤی. لە گفتوگۆیەکانمدا لەگەڵیدا لە ماوەی چەند ڕۆژدا هیچم سوود لێ وەرنەگرت. . . ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە. کە گەیشتینە ئیستەنبوڵ، ڕێپێوان و پێشاندانێکی لەشکریمان دیت. . . پرسیم: دەبێ ئەمە چی بێت؟ گوتی: لەشکری تورک ئاهەنگی چل ساڵەی دامەزراندنی دەگێڕێت. گوتم: چل سەدە؟ پێکەنی و گوتی: نا، هۆشت لە کوێیە، چل ساڵ. جاری دووەم پرسیمەوە: چل چی؟ دووبارە جەختی کردەوە: چل ساڵ. پاشان بۆی ڕوون کردمەوە، کە من مێژوو و ڕابردووی تورکیا نازانم و گوتی: دەوڵەتی تورک و زانستگە و ژیاری و بنگە کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکان و حوکوومەت و سوپا لە تورکیادا، هەمووی پێش چل ساڵان دامەزراون. ئیدی دوای ئەوە نەمتوانی تەحەمولی بکەم و لە هاوڕێیەتی ئەم بیریارە، کە سەر بە ئوممەتێکی نوێباو و تازەکییە، کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی تەمەنی مرۆڤێک، هەلاتم. وام دەهاتە بەرچاو، کە ئاسمانی قوستەنتینییە هێشتا دوا ڕووداوی مەزنی لەبیرە و بۆ منیش وەک ئەوە وابوو، کە دوێنێ ڕوویدابێت. لەشکرەکانی موحەممەدی فاتیح ساڵی 1453ی زایین، بە دەرکەکانی ئەم شارەدا، کە دڵی ئیمپراتۆریای ڕۆژهەلاتی ڕۆمانی بوو و مەزنترین نێوەندی ژیاری سەدەکانی ناڤین بوو، وەژوورکەوتن و مەسیحایەتییان بە ژیاریی ڕۆژهەلاتیی نەتەوەییەوە، لە کەناری زەریای ناوەڕاستەوە هاوێژتە کەنارەکەی دیکە، ئەم ساڵەش (کە نەک ساڵی دامەزراندنی لەشکری تورکیای موسوڵمانی ئەمڕۆیە) بە کۆتایی چاخەکانی ناڤین و سەرەتای چاخی نوێ لە ڕۆژاوادا دانرا. ئەم لاساییکەرەوە بۆشە لەخۆنامۆیە سەیدا ئەندازیارە، کە لە سویسرا خوێندوویەتی و سۆزیی دەبێتە مامۆستایەک لە زانستگەدا، یا دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ لە دەوڵەتێکدا، کە سەرتەڵ و هەڵبژاردەی چینی بیریاری کۆمەڵگەکەیەتی، نازانێت سوپاکە پێش شەش سەدە دامەزراوە. لەو کاتەوە، کە گەورەترین کاری سەربازیی ئەنجام دا، ئەو کارەی، کە بووە دەسپێکی بەشێک لە بەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەر لەو کاتەش بە دواوە، مەزنترین ئیمپراتۆریای لە سەدەکانی ناڤین و نوێدا دامەزراند و دەسەلاتی بە سەر تەواوی دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلات و یۆناندا گرت. ئەو مزگەوت و پەرستگە مەزنانەی، کە باپیرانی لە یۆگوسلاڤیا، بولگاریا، ڕۆمانیا و یۆنان، چێیان کرد، ئێستاش نیشانەی مەزناهی و هێز و دەسترۆیشتوویی سیاسی و فەرهەنگیی و هزریی ئەوانن. ئەوان تا فرانسە و ئیتالیا چوون و ڤیەننایان تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، چەندجاران گەمارۆ دا. لە زەریای ناڤیندا گەورەترین هێزی زەریاییان

[12] العزاوي،، بعيدا،، ص199.

www.kurdistannet.org
31-7-2003 1:03

**هەبوو. . چی دی بڵێم؟ پێش هەزار ساڵ بەری جەنگی خاچایەتی و لافاوی هێرشی چەکدارانەی گەلەکۆمەکی ڕۆژاوای دژ بە وڵاتە ئیسلامییەکان گرت. ئێستاکەش شمشێر و قەڵغان و تۆپەکانیان، کە ئایەتی جیهادیان لە سەر نەخش کراوە، لە مۆزە سەربازییەکاندا لە ئەوروپا، سەرنجی هەرکەسێک، کە تەماشایان بکات، ڕادەکێشێت. . . چی دی بڵێم؟ پێش ئەوەی ناوی ڕۆژاوای نوێ لە جیهاندا هەبێت و ڕۆشنایی ئیسلامیش لە خۆرهەڵاتەوە هەڵبێت، ئەم خاکە لانکی ژیاریی بیزەنتی و ڕۆمانی ڕۆژهەڵات بووە. مێژووی هەزار ساڵی ئەم ئوممەتەش نیشانەی هێزی سوپایی و ژیاریی و زانست و باوەڕ و فەرهەنگ و ئیمپراتۆریای جیهانی و دەسەڵاتی ڕەهایە بە سەر کەوشەنێکدا، کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵات و خۆراواوە. لە نێوان جیهانی ژیاریی کۆن و جیهانی ژیاریی نوێدا، سێبەری هەردوو باڵی لەیەک کاتدا بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا، پەخش کردبووەوە. تا جەنگی یەکەمیش مەزنترین هێزی ئیمپراتۆرایی و سەربازی بوو لە ئەوروپا و بەشێکی مەزنی ئاسیادا. عەرەب و یۆنان و باکووری ئەفریقا و تەواوی ئەورووپای خۆرهەڵات، لەژێر دەسەڵاتیدا بوون. پێش چل ساڵان، لە ئەنجامی تەکنیکی سەربازیی ئەورووپایی لە پشتییەوە و خەنجەری ئێرانی-عەرەبی لە پێشییەوە، بە سەر ئەژنۆیدا دادەچەمێتەوە و کڕنووش دەبا، و ئینگلیز وڵاتی عەرەبی لێ دەستێنێتەوە، و ئەوروپا یۆنان و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆگوسلاڤیای لێ دادەبڕێت و لە تەنگەیەکدا ئابڵۆقەی دەدات. پاشان ئەتاتورک و لاوانی خوێندووی ئەوروپاییێندراو، کە سوڵتانی عوسمانی بۆ خوێندنی تەکنیکی سەربازیی ئەوروپایی و زانستی ئەوروپایی نوێ و زمانانی ئەوروپایی و زانیاری و ژیاریی ئەوروپایی، شاندبوونی بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ئەوروپا بوەستنەوە، دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئیدی ئەو هێزە جیهانییە مەزنە، پارچەپارچە بوو. ئەو ئیمپراتۆریا عوسمانییە پان و بەرینە گۆڕا و بوو بە دەوڵەتێکی بەزیوی لەتلەتکراوی بچووک. لەو هەموو وڵاتە ڕۆژاوایی و ئاسیایی و ئەفریقاییانەش تەنێ ئیستەنبوول و ئەنقەرەی بۆ دەمێنێتەوە. پاشانیش تیپی لاتینی دەبێتە ئەلفبێی و وەچەیەکی نوێ پەیدا دەبێت و بەو ئەلفبێیە فێر دەبێت و وەها باوەڕ دەهێنێت، کە مێژووی ئەو لە چل ساڵ پێشترەوە دەست پێ دەکات، واتە: لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە یا بە تەواوی لەو کاتەوە، کە بەزێنران و لەتلەتکران و گەیشتنە ئەوپەڕی لاوازی و بێبایەخی و دزێوی. لەشکریش —لەگەڵ ئەو هەموو داستانی قارەمانییەتییەی، کە لە ڕابردوویدا هەیە- مێژووی لەو ساتەوە دەست پێ دەکات، کە بەزێنراوە. . . سەیرە و چ سەیرێک"[13]. خۆناسین دەبێ مرۆڤ هانبدات بۆ گەڕان بە شوێن خۆدا. وەدووی خۆدا گەڕانیش پێویست بە گرنگییدان بە مێژو و زانینی مێژوو دەکات. مێژووی کوردیش، پێویستی بە پێداچوونەوە، لەبێژنگدان، تەتەڵە، بژار، پاکنووس، ڕاستکردنەوە[14] و سەرلەنوێ نووسینەوە و دروستکردنەوە هەیە، ئەویش بە بەشدارکردنی، چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، لاوان، ژنان و تەواوی ئەوانەی، کە لە بواری ئابووری، سیاسی، جڤاک، فەرهەنگ و دەسەڵاتدا، پشتگوێخراون و ناکارا کراون و پەراوێزێنراون. باشترین شتی مێژوویش، چ بۆ کورد بێت یا ناکورد ئەوەیە، کە مرۆڤ فێری ئەوە دەکات و بەرەو ئەوەی دەبات و وای لێ دەکات، باشتر و ڕوونتر بیر بکاتەوە.**

**نۆڤەمبەری** 1997

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.

[13] شريعتي، الدكتورعلي، العودة الي الذات، ترجمة إبراهيم الدسوقي شتا، الزهرا للاعلام العربي، القاهرة 1986، ص120-122.

[14] خودا خێری بیریاری مەزن مامۆستا "مەسعوود موحەممەد" و زانای گەورە دۆکتۆر "کەمال مەزهەر ئەحمەد" بنووسێت، کە یەکەمیان "مەلای خەتێ" و دووەمیان "موشیری حەمەی سلێمان"یان لە گوناە و تاوان پاک کردەوە و "ردالاعتبار"یان بۆ کردنەوە.